# کورسی شوێنی پێیەکانی پەروەردگارە، وقەبارەی عەرش ناتوانرێت مەزندە بکرێت

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «کورسی شوێنی پێیەکانی پەروەردگارە، وقەبارەی عەرش ناتوانرێت مەزندە بکرێت».

[صەحیحە] [ئیبنو خوزەیمە لە تەوحیدا گێڕاویەتیەوە - عەبدوڵڵای کوردی گێڕاویەتیەوە لە ئەلسوننەتدا]

کورسی شوێنی پێیەکانی پەروەردگارە)، واتە: ئەو کورسیەی کە خوای گەورە لە (ئایەت الكرسي) باسیکردووە {وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ}[البقرة: 255]، واتە: {کورسی پەروەردگار ئاسمانەکان وزەوی گرتۆتەوە} مەبەست لە کورسی شوێنێکە پەروەردگار پێیەکانی [(لەسەر یان لە نێو) دادەنێت] ئەمیش بۆ لێکدانەوەی شوێنی پێیەکانە چونکە مەبەست شوێنەواری پێیەکان نییە بەڵکو مەبەست لەوەی شوێنێکە ودروستراوێکە لە دروستکراوەکانی خوای گەورە، وئەم لێکدانەوەیە بۆ وشەی (کورسی - الكرسي) لە لایەن عبداللەی کوڕی عەباسەوە باسکراوە -ڕەزای خوایان لێبێت- وئەم لێکدانەوەیە بەناوبانگترینە لە نێو ئەهلی سونەدا، وسەلێمنراوە کە ئەو وتوویەتی، وئەوەی دەیگێڕنەوە کە کورسی بە واتای زانست (العلم) دێت؛ ئەم گێڕانەوە نەسەلمێندراوە کە ئەو وتبێتی، وبە هەمان شێوە ئەوەی دەگێڕدرێتەوە لە حەسەنی بەسریەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- کە وتبێتی: کورسی عەرشە؛ ئەم گێڕانەوەیە لاوازە (ضعيفة) ودروست نییە بدرێتە پاڵ ئەو، وخوای گەورە دوو پێی هەیە بە شێوەیەک شایەنی مەزنی خۆی بێت بە بێ لێکدانەوەی چۆنیەتی وبە بێ چواندن وبە بێ لادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی وبە بێ پەکخستنی واتا ڕاستەقینەکەی، (وقەبارەی عەرش ناتوانرێت مەزندە بکرێت) واتا: هیچ کەسێک ناتوانێت گەورەیی قەبارەی عەرش مەزەندە بکات، خودا لە سەرەوەی عەرشە کە ئەمیش دروستکراوێکی مەزنە، وقەبارەی مەزنی ئەم عەرشە تەنها خودا دەیزانێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee